# فرۆید وەک فەیلەسووف

دەیڤید سمیس

**وەرگێرانی: ڕامیار عەلی**



١٨ی ئاب ٢٠٢٢ وتار

پێش ئەوەی فرۆید بە باوکی دەرونشیکاری بناسرێت، سەرەتا نەریتی عەقڵانیی دیکارتی زاڵ و باوی دوالیزمی زەین و جەستەی لەناو برد.

زۆربەی خەڵک بیر لە سـیگمۆند فرۆید دەکەنەوە وەک دەروونناسـێک یان دەروونپزیشـکێک. بەڵام ئەو هیچ کـام لەمـانە نەبوو. ئەو لە بواری

دەمارزانی(نۆرۆلۆجی) خوێندی و بوارێکی نوێی بە ناوی "دەروونشـــیکاری Psychoanalysis " بونیاد نا. بەڵام دەبێ فرۆید بە فەیلەسـوف - و وەک کەسـێکی ژیرمەند و قووڵ و پێشـەنگ لەو بوارە-شـدا دابنێین. هەروەک چۆن فەیلەســـووفی زانســـت "کلارک گیلمۆر" لە ســـاڵی ١٩٩١دا ڕایگەیـانـد: "نووســـراوەکانی فرۆید فەلســـەفەیەک لە زەین لەخۆ دەگرن؛ لە ڕاســـتیدا فەلســـەفەیەک لە زەین کە مامەڵە لەگەڵ چەندین بابەتی پەیوەســـت بە زەینەوە دەکات، کە ئەمرۆ بیرکردنەوەی فەیلەسوفانی بە خۆیانەوە سـەرقاڵ کردووە و بووەتە هۆی نیگەرانیی دەروونناســـەکـان. بیرکردنەوەی فرۆیـد لەبـارەی پرسـەکانی پەیوەست بە فەلسـەفەی زەین، باشترە لە زۆرێک لەو پرسانەیە کە لە فەلســـەفەی هـاوچەرخ لێیـان دەکۆڵرێتەوە و هەنـدێک جـار زۆر لەوەش باشترە."

لە ڕاســـتیدا، مەحاڵە لە تیۆری فرۆید تێبگەین بەبێ ئەوەی لە ڕەوتە شـــاراوە فەلسـەفییەکانی تێبگەین. دەشـێت ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی زۆرێک لەو بۆچوونە بێڕێزییانەی کە سـەبارەت بە فەلسـەفە کە لە بەشـێکی نووسـین و نامەنووسـی فرۆیـدا دەردەکەون، ســـەیر دەربکەوێت. بەڵام لێکدانەوەی ئەم بۆچوونـانە ئاســـانە. پلار و تانە زارەکییەکانی فرۆید ئامانجیان فەلســـەفە نییە. بەڵکوو ئامانجەکانی ئاراستەی جۆرێک فەلسەفەیە کە لە تەمەنی ئەودا زاڵ و باو بوو- فەلســـەفەیەکی تیۆری کە بەبێ لێکۆڵینەوە زانســـتییەکانی جیهانی ماددییە کە زۆرجار پێی دەوترێت "میتافیزیک"؛ بابەتێک کە بە "سـەرچاوەی کێشـە و خراپ بەکارهێنانی بیرکردنەوە" ناوی بردووە. هەروەها دەڵێت: "زۆر چاک دەزانم کە

ئەم شـــێوە بیرکردنەوە چەنـدە لە ژیـان و لە کولتووری ئەڵمـانیـادا دوورم دەخاتەوە."

بۆ تێگەیشتن لە مانای فەلسەفیی بیرکردنەوەی فرۆید، پێویستە لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا لێی بکۆڵینەوە. فرۆید لە سـاڵی ١٨٥٦ لە گوندێکی ئەو وڵاتەی کە ئێستا پێی دەوترێت کۆماری چیک لەدایک بوو، ناوی خۆی لە زانکۆی ڤیەنا کە ڕێک لە کاتێکدا کە زانســـتە زەینییەکان لە گەشـــەکردندا بوون، تۆمار کرد. هەرچەند فرۆید لە سـەرەتادا بە مەبەستی دۆزینەوەی پیشـەیەک لە سیاسـتەدا نیـازی هەبوو لە بواری یـاســـــادا بخوێنێ و، کەڵکەڵەی بیرۆکەی دکتۆرای هاوبەش لە هەر دوو بواری ئاژەڵناسـی و فەلسـەفەی لە مێشـکدا بوو، بەڵام لە کۆتاییدا خۆی بۆ زانســـتی دەمارزانی یەکلایی کردەوە. فرۆیدی لاو لە کاتی چوونی بۆ ناو ئەم بوارە لەو کاتەدا، خۆی نوقمی ژینگەیەکی هزریی دینامیکی و وروووژێنەری بێســـنووردا کرد. بۆ توێژەرانی زانســـتی دەمـار، تەحەدای زانستی ترسناک و دڵەکوتەهێنەری دۆزینەوەی چۆنیەتیی میکانیزمی کارکردنی مێشـک (بەبێ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا پێشـکەوتووەکان کە ئەمڕۆ بەردەسـتن)، لەگەڵ ڕووبەڕووبـوونەوەی تەحەدایەکـی دیـکەی فەلســـەفـی دژوار واتە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان شەپۆلی ئەلکترۆکیمیاییانەی کە بە تۆڕی زۆر ئـاڵۆزی دەمـارەکـان تێـدەپەڕێ و پێکهـاتەی ئەزموونی ژیـانی زەینی ئێمە- بیرکردنەوەکان، بەهاکان، لێکدانەوەکان و هەڵبژاردنەکانی ئێمە- ئاوێتە و پتەو بوو.

له سـەروبەندی ئەو سـەردەمە کە نۆرۆلۆجی پێگەی زانسـتی بەرز بوویەوە، دەروونناسی وەک دیسیپلینێکی زانستی نوێ سەری هەڵدا (پێش نزیکەی ساڵی ١٨٧٩ دەروونناسـی بە لقێکی فەلسـەفە دادەنرا). هەروەها دەروونناسـە بەراییەکان ڕووبەڕووی کێشـەیەکی فەلسـەفی قووڵ بووبوونەوە، کە بێگومان کێشـەیەکی میتۆدۆلۆژی بوو. چۆن لێکۆڵینەوەی زانسـتی لە زەینی مرۆڤ دەکرێت؟ دیاردە زەینییەکان سـروشـتێکی سـوبژێکتیڤیان هەیە، بەڵام زانسـت پێویسـتی بە پێگەیەکی بابەتییانە هەیە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسـەر دەکات. لەژێر ڕۆشناییی ئەم دژایەتییە ڕواڵەتییەدا، پرسیارێکی ڕاستەقینە هەیە کە ئایا زانسـتێکی تایبەت بە زەین بە هیچ شـێوەیەک گونجاوە یان نا- کە بووە هۆی ئەوەی هەنـدێـک کەس دەروون لە دەروونناسـی جیا بکەنەوە و وەک لێکۆڵینەوەی زانسـتیی ڕەفتار پێناسـەی بکەنەوە. ئەمڕۆ بە پێچەوانەی زۆربەی زانایان، زانایانی دەمار و دەروونناسـانی ئەو سـەردەمە درکیان بەوە کرد کە زانسـت بە ناچاری پڕە لە گریمانە فەلسـەفییەکانە. ئەوان لە بنچینەدا لە چوارچێوەی پارادایمێکدا کاریان دەکرد کە لە هەمووشـتزانی سـەدەی ١٧ "ڕێنێ دیکارت"ەوە مابوویەوە. دوو توخم لە نەریتی عەقڵانیی دیکارتی، بەتەواوی پەیوەندییەکی نزیکی بە کارەکانیانەوە هەبوو. یەکێکیان لە "کێشەی زەین-جەستە" - کێشەی تێگەیشتن لەو پەیوەندییە وردەی کە لەنێوان بارە دەروونییەکانمان و بارە فیزیکییەکانماندا هەیە- دەکۆڵییەوە. توخمێکی دیکە لێکۆڵینەوەی لەوە دەکرد کە ڕەنگە پێی بڵێین "کێشـەی زەین-زەین"- کێشەی تێگەیشتن لە چۆنیەتیی پێوەندیی زینمان لەگەڵ خۆی-. توخمی یەکەمی لەو توخمانەی باس کران، بە شـێوەیەکی سـەرەکی بابەتێکی گرینگی زانایانی دەمارزانی بوو و دووەمیان لە بنەمادا بووە جێی سەرنجی دەروونناسەکان.

سەبارەت بە پرسی یەکەم زۆربەی زانایانی دەمار لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو بۆچوونەیان هەبوو کە زەین و جەستە بە تەواوی جیاوازن. جەستە شتێکی ماددییە- پێکهاتەگەلێک لە گۆشت و خوێن کە دەتوانن لە ڕوانگەی کەسی سێیەمەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. بەڵام عەقڵ-زەین شتێکی ناماددییە کە تەنیا لە ڕوانگەیەکی "ناوخۆییەوە" دەتوانرێت لێی بکۆڵرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، کە دواتر لەلایەن فەیلەسووفی بەریتانی "جیلبێرت ڕایل"ەوە بە شێوەی تیۆری "ڕۆح لە ئامێردا" گاڵتەی پێ کرد. سەبارەت بە پرسی دووەم، دەروونناسەکان ئەو بۆچوونەیان هەبوو کە زەین خۆڕوونکەرەوەیە(شەفافە)- بە واتایەکی تر، زەین بە تەواوی خودئاگایانەیە. هەر یەکێک لە ئێمە تەنیا دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆی بە حاڵەتە زەینییەکانی خۆمانەوە هەیە و ناکرێ لەبارەی ئەو حاڵەتانەوە بەلاڕێدا و بە هەڵەدا بچین. ئەمەش دەریخست کە پێویستە توێژینەوەی دەروونزانی بە ڕێگەی بەخۆداچوونەوە بەردەوام بێت و هەر بۆیەش یەکەم دەروونناسەکان ناودەبرێن "دروونبینەکان". لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا چەمکی دووانەیی عەقڵ-جەستەی دیکارتی کەوتە ژێر فشارێکی توندەوە. هەر لە سەرەتاوە یاسای مانەوەی وزە -بنەمایەیەک کە دەڵێ چەندایەتیی وزە لە جیهانی فیزیکیدا بە بەردەوامی دەمێنێتەوە- لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا ناکۆک بوو کە "جووڵەی فیزیکی لەلایەن عەقڵێکی نافیزیکییەوە ڕوون دەکرێتەوە کە وزە دەهێنێتە ناو جیهانی فیزیکی". توێژینەوەکان لەسەر "ئافازیا" - "زمان بەستران" تێکچوونی قسەکردن کە بە هۆی تێکچوونی مێشکەوە دروست دەبێت - دەریانخستووە کە توانای دەروونی زمان بە تەواوی وابەستەی هەندێک ناوچەی شانە دەمارییەکانی نێوان گوێکانمانە. و

تیۆری پەرەسەندنی چارڵز داروین پشتگیری لەو بیرۆکەیەی کرد کە هەموو لایەنەکانی مرۆڤ- لەوانەش توانا دەروونییەکانی- لە وەڵامی فشارەکانی هەڵبژاردنی سروشتی پەرەیان سەندووە.

لە دەوروبەری هەمان کاتدا توێژینەوەکان لەسەر هیپنۆتیزم و ئالنگاری ئەو بیرۆکەیەی کرد کە "زەین بۆ خۆی شەفافە". تاقیکردنەوەکان لەسەر هیپنۆتیزم دەریانخستووە کە دەتوانرێت مرۆڤ بخرێتە حاڵەتی خەون و جەزمەوە و لەگەڵ بەئاگابوونەوە ڕێنمایی بکرێت کە ئەرکێک ئەنجام بدات لە وەڵامی سیگناڵێکی دیاریکراودا. بۆ نموونە ڕەنگە هیپنۆتیستەکارەکە ئەو بابەتەی پێ بڵێت کە دەیەوێت و دوای بیستنی وشەی "باڵندەی شین" بکەوێتە سەر زەوی و لەسەر دەست و ئەژنۆی بخزێت. دەکرێ دڵنیا بینەوە کە کاتێک گوێی لە پاڵنەرەکە دەبێت، ئەوا تەنها ئەوە دەکات. کاتێک پرسیار لە بابەتەکە دەکرێت بۆچی لەسەر زەوی دەخزێت، ئەفسانەیەک دروست دەکات- بۆ نموونە بڵێ کلیلەکەی ون کردووە و هەوڵی داوە بیدۆزێتەوە. پێدەچێت ئەم تاقیکردنەوانە نەک هەر دەیسەلمێنن کە دەتوانن بیرۆکە ناخودئاگاکان هەبن- بەم پێیە ئەو باوەڕە ڕەت دەکەنەوە کە زەین بە تەواوی بەئاگایە- بەڵکوو هەروەها دەریشی دەخەن کە ئەم جۆرە بیرۆکانە دەتوانن هێزی بەدیهێنانی ڕەفتاریشیان هەبێت.

زانایانی دەروونی وەڵامی ئەم جۆرە ئالنگاریەیان بە دوو ستراتیجی پاساودانەوە وەڵام داوەتەوە، کە هەردووکیان لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراون کە هەر شتێک کە زەینی بێت ناتوانێت ناخودئاگا بێت، هەر شتێک کە ناخودئاگا

بێت ناتوانێت دەروونی بێت. هەندێکیان دانیان بەوەدا نا کە دۆخی زەینی بەڕواڵەت ناخودئاگا لە واقیعدا دەروونین بەڵام پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەوانە لە ڕاستیدا ناخودئاگا نین. بەپێی ئەم بۆچوونە دەتوانرێت خۆدئاگایی مرۆڤ پاژبەندی بکرێ کە ئەمە لە ئەنجامدا خۆدئاگاییەکی "سەرەکی" و یەک یان چەند "نیوە" خودئاگایی دروست دەبێت، میتۆدێک هەندێک جار پێی دەوترێت جیاکاری. ئەم ناوەندی خودئاگاییە گریمانەییانە وەک کەسانی پاژپاژ و جیاواز و جیاواز لەبەرچاو دەگیران کە لە زەینیی مرۆڤێکدا نیشتەجێن و هەریەکەیان دەستڕاگەیشتنێکی ڕاستەوخۆیان تەنیا بە دۆخە دەروونییەکانی خۆیەوە هەبە، بەبێ دەستڕاگەیشتنیان بە حاڵەتە دەروونییەکانی ئەوانی دیکە. ستراتیژی دووەم پەیوەندی بەو چەمکەوە هەبوو کە باری زەینی بەڕواڵەت ناخودئاگا بە تەواوی ناخودئاگان بەڵام ئینکاری ئەوە دەکەن کە زەینی بن. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە سروشتییە پێیان وابوو کە زەین (نا-فیزیکی) جیایە لە مێشک (فیزیکی)ە و، تەنیا مێشک ڕەفتارەکانی پرۆسێس دەکات. ئەوان پێیان وابوو کە حاڵەتە دەروونییەکان پەیوەندییان بەم پرۆسە فیزیکییانە هەیە، بەڵام نکۆڵییان لە ڕۆڵ و کاریگەرییان لە ڕەفتارەکانی مرۆڤدا دەکرد. بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو حاڵەتە دەروونی و زەینییانەی پێیان دەوترێت نائاگایی لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک زەینی نەبوون. وەک گوستاڤ فێخنەر زانای دەمار لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەڵێت: "هەست و بیرۆکەکان لە ڕاستیدا لە ناخودئاگادا بوونیان نییە".

هەروەها ئەم دوو تیۆرییە بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەناسیی سەرلێشێواوی نەخۆشی دەروونی کەڵکی لێوەرگیرا. سەرنج بدەنە دابەشبوونی زەین لە

پەیوەندی لەگەڵ ئەو تێکچوونە دەروونییەی کە دواتر بە هیستریا ناوزەد کرا. زۆرێک لەوانەی کە تووشی هیستریا بوون، وا دیارە چەندین کەسایەتییان هەبوو، هەریەکەیان جیاواز یان "دابڕاو" لەوانی دیکە. ڕوونکردنەوە ئەم دیاردەیە بە شێوەی دابەشکردن یان پاژبەندی تاکە خودێک بۆ چەند خودێکی دیکە، سروشتی بوو. وەک فەیلەسووف و دەروونناس ویلیام جەیمس لە کتێبی پرەنسیپەکانی دەروونناسیدا(١٨٩٠) ڕایگەیاندووە: ژنێکی تووشبوو بە هیستریا، بەشێک لە خودئاگایی خۆی پشتگوێ دەخات، چونکە لە ڕووی دەمارگیرییەوە هێندە لاوازە کە ناتوانێ ڕێگری لە هەڵوەشاندنەوەی بکات. جگە لەوەش ڕەنگە بەشە پشتگوێخراوەکە لە خودێکی لاوەکی یان نیمچە خودئاگادا دەرکەوێ. هەروەها ئەم چیرۆکە "سروشتگەرایییە" بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر تێکچوونە دەروونییەکان سوودبەخش بوو. ئەو ڕاستییەی کە ئەو کەسانەی کە نەخۆشی دەروونییان هەیە زۆرجار بەشداری ڕەفتارگەلێکی ناچاری دەکەن کە نە کۆنترۆڵ دەکرێن و نە دەتوانرێت تێبگەیەنرێن، ڕەنگە بتوانرێت بە چالاکییە ناخودئاگاییەکانی مێشک ڕوون بکرێتەوە کە تاڕادەیەک لە زەینی تاکەکەس جیایە. بۆ نموونە لە حاڵەتەکانی دەستشۆردنی زۆرەملێدا، بە ڕواڵەت نەخۆشەکە لەلایەن هێزە نامۆکانی ناوەوەیەوە بە بارمتە دەگیرێت کە بەشێک نین لە هۆشیارییەکەی، هەر بۆیە - بەپێی گریمانە باوەکانی ئەو سەردەمە – بە هیچ شێوەیەک دەروونی نین.

فرۆید وەک نۆرۆلۆجیستێکی گەنجی، سەرەتا ئەو گریمانە فەلسەفییانەی قبوڵ کرد کە لە بوارەکەیدا باو بوون. ئەو زەینی بە جیا لە مێشک دەبینی، وای دەبینی کە ئێمە ئاگاداری هەموو بارە دەروونییەکانمانین و نە ڕێبازی

شـــیبوونەوە و نە ڕێبازی ســـروشـــتیخوازی بە جددی وەرنەدەگرت. بەڵام لە چالاکی کلینیکیکەی خۆیدا ڕۆژانە ئەو نەخۆشانەی دەبینی، کە ئەو نیشانانەیان هەبوو کە ســـەخت بوو بەراوردکردنیان لەگەڵ وێنەی دیکارتگەرایی و گومانی زۆری لەو بارەیەوە هەبوو. فرۆید چەند هۆکارێکی هەبوو بۆ ڕەتکردنەوەی تیۆری "ئاگایی دابەشـــکراو". بیرۆکەی "ئاگاییەک کە خاوەنەکەی هیچی لێ نازانێت" بە ڕواڵەت بۆ ئەو نەزانراو و نامۆ بوو و نیگەرانیش بوو لەوەی ئەم شـــێوازە بیرکردنەوە ببێتە هۆی ئەوەی مرۆڤێـک "نەک تەنهـا بوونی خودئاگاییەکی دووەم، بەڵکوو بوونی ئاگاییەکی ســـێیەم، چوارەم، و لەوانەیە ژمارەیەکی بێکۆتا لە حاڵەتەکانی خودئاگایی قبوڵ بکا کە هەموویان بۆ ئێمە و ئەوانی دیکە نەناســـراون." ڕەخنەی فرۆید لە ســـروشـــتیگەرایی بەو ڕوانگەیە دەســـــتی پێ کرد کە ژیانی زەینیی ئێمە ڕەوەندێکی خودئاگایی ئارام و ڕەوان نییە. بەڵکوو ڕەوتێکی پچڕاوە کە لە تونێلەکاندا و لە ژێر پردەکاندا دەڕژێت و لە لایەکەوە نـامێنێت و لە لایەکی ترەوە دووبـارە دەردەکەوێتەوە. فرۆیـد لە کتێبی (نەســت 1915)دا نووســیویەتی: "داتاکانی ئاگایی کەلێنی زۆر گەورەیان تێدایە... تـایبەتترین ئەزموونی ڕۆژانەمـان وامـان لێ دەکـات ئـاشـــــنـابین بەو بیرۆکەیەی کە دێنە مێشـــکمان و نازانین لە کوێوە دێن و بەو ئەنجامگیرییە عەقڵانییانەی کە نازانین چۆن بەدەست دێن."

ســـەرســـوڕهێنەرترین نموونەی بەردەوامی دەروونی لەنێو کەلێنەکانی ئاگاییدا، دیاردەی چارەســـەرکردنی کێشـــەی ناخودئاگایە. با بە بەکارهێنانی نموونەیەکی ڕوون لەم دیاردەیە کە لە نامەیەکی بیرکاریزانی ئەڵمانی ســـەدەی نۆزدەهەمدا "یۆهان گاوس" باســـی کردووە، بکۆڵینەوە. گاوس دوو ســـاڵی تەواو لە هەوڵی

ســـــەلماندنی هاوکێشـــــەیەکی دیاریکراوی بیرکاریدا بوو، بەڵام ســـــەرکەوتوو نەبووبوو. پاشـــــان لەپڕ ڕێگەچارەکەی هاتبووە مێشـــک، وادیارە نەیدەزانی لە کوێیەوەیە: دواجار دوو ڕۆژ پێش ئێستا سەرکەوتوو بووم، نەک لەبەر هەوڵە بێوچان و زۆرەکانم بەڵکوو بە نیعمەتی خودا. وەک برووســـکەیەکی لەناکاوی ڕووناکی، مەتەڵەکە بەڕێکەوت چارەســـــەر بوو. خۆم ناتوانم بڵێم دوا هەنگاو چی بوو لە ئەوەی پێشتر دەمزانی بەستەوە بەو شتەی کە سەرکەوتنی منی پێوە پەیوەست بوو. چارەسەرکردنی کێشەیەکی قورسی بیرکاری پرۆسەیەکی تەواو زەینییە. شـــــتێک نییە بەبێ بیرکردنەوە بتوانیت بیکەیت. کەواتە ئەو ڕاستییەی کە گاوس گەیشتە ڕێگەچارەیەک، ئەوە نیشان دەدات کە ئەو خەریک بووە لەبارەی ئەو کێشەیەوە بیری دەکردووە بەڵام نەک بە شێوەی خودئاگایی، کە لەوانەیە بە شێوەی ناخودئاگا بیری لێ کردوەتەوە. مەحاڵە لە تیۆری فرۆید لەبارەی خەونەکان، و پاشـــــەکشـــــە و ســـــایکۆپاتۆلۆژیای فرۆید تێبگەین بەبێ ئەوەی سەرەتا لە تێڕوانینی ئەو بۆ عەقڵ تێبگەین.

ئەم جۆرە تیبینی و ســـــەرنجانە بوون فرۆیدیان بەرەو ڕوانگەیەکی نوێ بۆ زەینی مرۆڤ برد - ڕوانگەیەک کە بە تەواوی لە دژی زانستی باوی سەردەمی ئەو بوو. ئەم بۆچوونەی بە وردی لە دیکۆمێنتێکدا بە ناوونیشانی دەروازەیەک بۆ دەروونشیکاری زانستی (١٨٩٥) بە هەموو وردەکارییەکەوە نووسی. فرۆید ئەو کتێبەی هەرگیز بڵاو نەکردەوە؛ بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەبەر ئەوەی زانستی دەمارزانی ئەو ســـــەردەمە نەیدەتوانی ئەو جۆرە زانیارییە تەواو و وردەی کە ئەو دەیویست پێشکەش بکات. بەڵام ئەو بیرۆکانەی کە فرۆید تێیدا خستبوویە ڕوو، نزیکەی هەموو تیۆریزەکردنەکانی دواتری پشـــــتڕاســـــتیان کردەوە. لە

ڕاســـــتیدا، مەحاڵە بە دروســـــتی لە وێنەی زەینی فرۆیدیی تێبگەین- لەوانەش تیۆری خەونەکان، ویژدانی ناخودئاگا هەستکردن بە تاوان، نەخۆشی دەروونی و تەنانەت بۆچوونەکانی لەســـــەر ئایین و کۆمەڵگا- بەبێ ئەوەی ســـــەرەتا پوختەی بۆچوونەکانی لەبارەی عەقڵەوە بزانین کە لە پڕۆژەکەدا خراوەتە ڕوو و کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو - هەرچەندە کاریگەرییەک کە بەگشــتی دەرک نەکرا - لە دەرەوەی بڵقی ناسکی زانینی فرۆید. ئەو ئەلگۆریتمە بیرکارییەی کە توانای دا بە تۆڕە دەمارییە دەســـــتکردەکانی (کۆمپیوتەرەکان کە لە پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ دەچن) تا لە هەڵەکانیان دەرس وەربگرن، بە ڕوونی سەرمەشق لەسەر تیۆری فرۆید لەبارەی چۆنیەتیی فێربوونی مێشک وەربگرن.

فرۆید لە ســـاڵی ١٨٩٥ بەدواوە شـــێلگیرانە بیروباوەڕی باوە فەلســـەفییەکەی ســـەردەمی خۆی-گریمانە دووانەیەکانی دووانەی زەین-جەســـتە و یەکســـانی ســـــوبژەکتیڤ لەگەڵ خودئـاگـایی- ڕەتکردەوە. ئەو لەبری گریمـانەی یەکەم، ســـەلماندی کە پرۆســـە زەینییەکانی ئێمە پرۆســـەیەکن لەناو ئەندامێکی فیزیکی-مێشــــکی مرۆڤ-ن نەک زەینێکی نـافیزیکی. هـەرچـەنـدە ئەم هـەڵوێســـــتە فیزیکگەرایە لەو ســـــەردەمەدا بە هیچ شـــــێوەیەک گوێی پێ نەدەدرا، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەڵوێســـتی نایاب و نائاســـایی بوو. فرۆید ئەو بۆچوونەشـــی ڕەت کردەوە کە دەتوانین لە ڕێگەی بەخۆداچوونەوە لە زەین بکۆڵینەوە. چونکە "پاش ئەم بنەمایە، دەبێتە هۆی کە خودئاگایی نە زانینێکی تەواو و نە زانینێکی متمانەپێکراو لەبارەی پرۆسـەی دەمارییەکانەوە دەخاتە ڕوو کە ئەمانە دەبێت... وەک ناخودئاگا ســـــەیر بکرێن و دەبێت وەک شـــــتە ســـــروشـــــتییەکانی تر وەربگیرێن." ئەگەر خودئاگایی دەرگایەکمان بۆ نەکاتەوە بۆ چالاکی ناوەوەی زەین، کەوایە چییە؟ فرۆید بۆ داڕشتنی پێکاتەی زەینی مرۆڤ شێوازێکی بەکار

هێنا کە زانایانی مەعریفی ئەمڕۆ پێی دەڵێن "لێکهەڵوەشـــاندنی پەیوری". ئەم شێوازە پێک دێت لە پشکنینی ئەدای سیستەمێک و دابەشکردنی چالاکییەکانی بۆ جۆرە جیاوازەکانی ئەرک کە لەلایەن پێکهاتە و بەشــە جیاوازەکانی مێشـک ئەنجام دەدرێن. لێکهەڵوەشـــاندنەوەی زەینی مرۆڤی فرۆیدیی دەریخســـت کە مەعریفە و خودئاگایی لە ڕووی کارکردەوە جیاوازن. بە واتایەکی تر بەشـــی زەین-مێشـک کە بەرپرســە لە بیرکردنەوە، هاوشـێوەی هەمان ئەو بەشـەیە کە بەرپرسە لە دروستکردنی خودئاگایی.

ئەم تێبینیانە، فرۆیدیان بەرەو لایەنێک لە تیۆرەکەی لەبارەی زەینەوە برد کە وێدەچێ زیاتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە لەو بارەیەوە هەڵەتێگەیشـــتن هەیە. زۆربەی وەسفەکانی تیۆری دەروونشیکاری بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە فرۆید بـــاوەڕی بە دوو جۆر بیرکردنەوە هەبووە: بیرکردنەوەی خودئـــاگـــا و بیرکردنەوەی ناخودئاگا. جگە لەوەش زۆرجار دەروونناســـەکان بانگەشـــەی ئەوە دەکەن کە چەمکێکی مەعریفی لە زەینی نـــاخودئـــاگـــا قبوڵ دەکەن، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی فرۆید کە دەڵێت زەینی ناخودئاگا پڕە لە هەســـت و سۆز و پاڵنەری ڕەمەکی(غەریزی). بەڵام ئەم دوو بانگەشەیە ڕاست نین. فرۆید پێی وابوو کە هەموو پرۆســـەکانی مەعریفی نـاخودئـاگـان. ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین "بیرکردنەوەی ئاگایی"، تەنها شێوازی مێشکە بۆ پیشاندانی دەرئەنجامی پرۆسـێسـی مەعریفی نائاگا. ئەگەر بمانەوێت لێکچوونێکی ئاشـنا بەکار بهێنین، پێویســـتە بڵێین پرۆســـەی مەعریفی وەک شـــاشـــەیەک وایە کە دەرچوونی پرۆسـێسـەری تێدا پیشـان دەدرێت. وەک دەروونناسـەکان بانگەشـەی دەکەن ســـەبارەت بە "نـاخودئـاگـاییی مەعریفی"، فرۆیـد بە ڕوونی ئەو بیرۆکەیەی

ڕەتکردەوە کە هەست و سۆز و پاڵنەرە ڕەمەکییەکان دەتوانن ناخودئاگا بن. لە ڕوانگەی ئەوەوە هەموو پرۆسـەی مەعریفی نائاگایین و هەموو پرۆسـەی دەروونی نائاگا مەعریفییە.

هێڵکاریکردنی چەمکی فرۆید بۆ پێکهاتەی زەین و بەکارهێنانی بۆ زانسـتی دەروونناسـی تەنیا دوو بەشـی بنیاتنەر، هەڵبەتە دوو بەشـی زۆر گرنگ، لە ڕێڕەوی فەلسـەفی دەوڵەمەندی بیرکردنەوەکەی ئەون. هەر چۆن مرۆڤ بیر لەو بانگەشـە ئەزموونییە تایبەتییانەی بکاتەوە کە فرۆید خسـتوونیەتە ڕوو - چەمکەکـانی وەک گرێی ئۆدیـپ، میکـانیزمەکـانی بەرگری و تیۆرەکـانی لێکدانەوەی خەون، خەون بینین- لایەنێکی دیکەی تاڕادەیەک هەڵەتێگەیشتنی لە بیرکردنەوەی فرۆیدی هەیە: ڕەهەندێکی قووڵی فەلسـەفی کە سـەرنج دەخاتە سـەر پاداشـتی عەقڵانی دەوڵەمەند بۆ هەر کەسـێک کە پەیڕەوی لێ بکات، جەختی لەسەر بکاتەوە.

سەرچاوە لینکی

https://ravantahlil.com/Freud_the_philosopher